

# دیدارێکی تایبەت لەگەڵ ژیژەك لەبارەی بەهاری عەرەبییەوە

لەئەڵمانییەوە: هۆرامان

**تاگستسایتونگ: بەڕێز ژیژەک،لەدواین دیدارتان لەگەڵ تاگستسایتوونگ وتان: ( من هیچ پلانێکم بۆ ئەم شۆڕشە نییە.) لەپاش گۆڕانکارییەکانی ئەم دوایەی شۆڕشەکانی باکوری ئەفریکا و رۆژهەڵاتی ناڤین ، ئایا هیچ تێڕوانینێکی نوێتان لەمەڕ ڕەوشی گشتی ئێستای ئەم شۆڕشەوە لا دروستبووە؟.**

سلاڤۆ ژیژەک: من دەتوانم دان بەو ڕاستیەدا بنێم، کە ئەم شۆڕشانە بۆ منسەپرایزبوون، بەڵام ئەو هەواڵانەی کەلەو ناوچانەوە پێماندەگات، بەو شێوەیە نییە کە خەڵکانێک لێرە چاوەڕانوانیبوون. ئێمە لەبارەی ئەو ناوچایەوە ،هیچ دیدگایەکی ڕوونمان . لێرەدا دەمەوێت باسی شتێکتان بۆ بکەم، ماوەیەکی کورت پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسی، لە دیدارێکدا لینین لەبارەی شۆڕشەوە لە رووسیا وتی : ( گەر ئێوە بەخت یارتان بێت، ئەوا دەتوانن شۆڕش بە چاوی خۆتان ببینن)، واتە لینین پێشبینی شۆڕشی رووسی نەکردبوو.

**تاگستسایتونگ: ئایا دەرئەنجامەکانی ئەم شۆڕشە لەگەڵ حەزەکانی ئێوەدا دێتەوە؟**

سلاڤۆ ژیژەک: بەڵێ، من زۆر دڵم بەو دەرئەنجامانە خۆشە. ئەو سیما ئەبەدییەی کە لیبراڵە ئەوروپییەکان بۆ موسڵمانەکان هەیانبوو نەما، لای ئەوان سیمای موسڵمان برینی بوو لە تێکەڵەیەکی کەسایەتی کە هەموو ئەم سیفاتانەی لە خۆگرتووە : ئەنتی سیمینزم « دژە جوولەکە» ، ناسیۆنالیست، ئیسلامیست، بەڵام ئەم شۆڕشە هەموو ئەم قسانەی بە درۆخستەوە. ئەوەی ئێمە لەم شۆڕشانەدا دەیبینین برینییە لە ، بزووتنەوەیەکی ئونیڤێرساڵ» جیهانی»، کە خەبات بۆ ئازادیی و هاوکاری زیاتر دەکات.

**تاگستسایتونگ: ئێوە وەکو چەپێکی ڕادیکاڵ هیچ ترستان لە دەرئەنجامەکانی ئەم بەهاری عەرەبییە نییە؟ ئایا تۆبڵێیت لە کۆتاییدا تێزەکانی فۆکۆیاما لەمەڕ ئەوەی کە سەرکەوتنی کۆتایی تەنها بۆ سیستەمی لیبراڵی و دیموکراتییە دەبێت ، کە پەیوەستە بە کەپیتالیزمەوە؟**

سلاڤۆ ژیـــژەک: پێش هەمووشتێک ئێستا چیتر خودی فۆکۆیاماش باوەڕی بە تێزی ( کۆتایی مێژوو*) نییە. ئەو هزرەی کە لەو باوەڕەدابێت، کە ئەم وڵاتانە زۆر بەخۆشحاڵییەوە سیستەمێکی لیبراڵ دروستبکەن، تێڕوانینێکی تەواو نادروست و نابەجێیە. ئەمە هەڵەیەکی تەواو گەورەیە ، گەر لەو باوەڕەدا بیت، کە شۆڕشگێڕە عەرەبەکان ، بیانەوێت هەمان سیستەمی لیبراڵی و کەپیتالیزمی هاوشێوەی رۆژئاوا دروستبکەن، بەڵکو ئەوان شتی زیاتریان لەم شۆڕشە دەوێت.

**تاگستسایتونگ: مەبەستان لە شتی زیاتر چییە ؟**

سلاڤۆ ژیـژەک : بەڵێ، ئـەم وشـەی « زیاتره» واتە شۆڕشگێڕە عەرەبەکان داواکاری زۆرتریان هەیە ، ئەوان داوای یەکسانی ، هاوکاری «زیاتر» دەکەن، بەڵام ئاخۆ ئەمە لە کۆتاییدا بۆیان جێبەجێدەکرێت، ئەم پرسیارە بە کراوەیی دەهێڵمەوە، چونکە من زۆر بە حەزەرەوە سەیری ئەم شۆڕشانە دەکەم.

**تاگستسایتونگ: ئێستا شۆڕشی میسری لـەلایـەن ئەنجومەنێکی عەسکەرییەوە بەڕێوەدەبرێت. ئایا دەکرێت ئێمە لەم حاڵەتەدا باس لە شۆڕشێک بکەین، کە تێڕوانین و دەروازەی فراوانی هەیە؟**

سلاڤۆ ژیژەک : زۆرکەس لەو باوەڕەدان کە شۆڕش برینییە لە ساتێکی ئیحساسی گەورە بۆ هاوکاری و پێکەوەکارکردن . گەر میسرییەکان بێداربنەوە، دەتوانن مێژوویەکی نوێ بۆخۆیان دروستبکەن، بـەڵام ئەوەی ئەمرۆ دەیبینین، هەمان سیستەمی پێشووە، ، ڕاستە کەمێک لیبراڵە ، بەڵام بەهەمانشێوەی سیستەمی پێشوو گەندەڵە. گرنگترین خاڵی ئـەم شۆڕشانە لەو کاتەدا دروستدەبێت، گەربێت و شۆڕشگێڕە عەرەبەکان بتوانن جۆرە ئەستێنیوتێکی نوێ بۆ ڕێکخستنی شۆڕشەکە پێکبهێنن، بە دڵنیاییشەوە ئەم کارە زەحمەتەو پێویستی بە کار و سەبروتەحەمولێکی زۆر هەیە.

**تاگستسایتونگ: ئایا ئایین دەتوانێت ڕۆڵێکی چارەسەری لەم شۆڕشانەدا بگێڕێت؟ یان بە پێچەوانەوە، ئایین و هەستی ئازادبوون و شۆڕشگێڕی، دوو شتی دژ بەیەکن ؟**

سلاڤۆ ژیـژەک : بە دڵنیاییەوە ئیسلام بڕێک ڕۆحـی ئازادیبەخشی تێدایە. لەم ماوەیەدا دۆکۆمێنتێکی « CIA « ئەمریکم